# دوای کوشتنی دوعا چۆن بڕوانینەوە خۆمان؟

هۆشەنگ شێخ محەمەد

2007/5/2

ڕاستە دوعا یەکەم کچی کورد و یەکەم کچی یەزیدی نیە کو کوژرابێت، و دڵنیاشم دواکچی کورد و دوا کچی یەزیدی نابێت. ڕاستیشە کوردستان بۆتە جەنگڵستان و زێدەڕۆیی نیە ئەگەر بڵێین ڕۆژانە ژنێك یان زیاتر لە کوردستان بەناوی نامووس و شەڕەفەوە ئکوژرێن.

دوای کوشتنی دوعا و بلاَوبوونەوەی دیمەنەکان لە ڕێی مۆبایل و سایتەکانەوە، بە سەدان گووتاری جۆراوجۆری لەسەر نووسرا. کە تیایدا بە شێوەیەك لە شێوەکان دەیان ویچنەی جۆراوجۆریان بە کورد ئەبەخشی. کە ئایا لەم کارەساتەدا چیە؟ وەحشییە؟ قوربانییە؟ جەلادە؟ ئازادە؟ تاوانبارە؟ جاهیلە ؟ بێ شەڕەفە؟ نامووس پەرستە و هتد....؟؟؟؟

ئایا ئێستا لە ناو ئەو هەموو وێنە جۆراوجۆرانەدا چۆمان خۆمان ببینینەوە؟ چۆن تەماشای خۆمان بکەینەوە؟ ئێمە لە چی ئەچین؟ بە تەنیا یەزیدییەکان نا بەڵکو کورد بەگشتی، لە شێوەی چی ئەکەین؟ ئەو بەرد وەشێن و بلۆك هاوێژانەی سەری دوعایان تەقاند و کوشتییان؟ یان ئەو دەسەلاَتە دینییەی کە تا هەستی بە ترس نەکرد لەسەر خۆی دەنگی نەکرد؟ یان ئەو دەسەلاَتە حکومییەی تا مەسەلەکان نەبوونە تەهدیدی ئێزیدییەکان لەناوچەکانی دیکەی کوردستان متەقی نەکرد؟ یان وێنەی ئەو کچە فریشتانەی وەك دوعا ڕۆژانە ئەکوژرێن و کەسیش وێنەیان ناگرێت و کەسیش بە هەواڵیان نزانێت؟

ئێمە چین؟ پرسیارێکی سادەیە و لەو ئاستەدا کە ئێمە ڕووبەڕووی ئەبینەوە ڕەنگە زەحمەت بێت وەلاَمێکی مەنتقی بەدەست بێنین، لەم ساتانەدا هەموومان بە سۆزی تەماشاوە ئەڕوانینە شتەکان و ئەتوانین لە توڕەییەوە خۆمان بە قاتل و جەلاد بزانین. لە بێ ڕەحمییەوە خۆمان بە بێ سۆز و بێ ویژدان بناسین. لە نامووس پەرستیدا خۆمان بە بێ شەرەف و ئابروو ببینین، لە بێ دەسەهەلاَتیشەوە خۆمان قوربانی ئەو دەسەلاَتە دینی و حکومی و حزبییانە ببینین.

ڕەنگە لە یەك ساتدا هەست بکەین کە هەم گوناهین و هەم وەحشی، هەم بکوژ و هەم کوژراو و هەم بێ شەرەف و هەم بێتاوان و هەم بێنامووس و هەم کۆیلەی دەسەلاَتەکان. هەم بێ دین و هەم توندڕەو.

ئیدی ڕەنگیشە هەموو وێنەکان ڕاست بن لەو ساتەدا و ئێمە هەموومان ئەو لەش و هزر و سۆزو مرۆڤە شێواوە بین کە لە ناو خۆماندا هەر یەکەمان بەشێوەیەك هەلا هەلا و لەتلەت و پارچە پارچەیە و ناتوانێت خۆی کۆکاتەوە سەر یەك و وێنەیەکی جوان و ڕاستەقینە بەخۆی ببەخشێت.

کە دوعا کوژرا هەموومان توڕەبووین، هەموومان تف و نەفرەتمان کرد، بەلاَم لە هەمان کاتیشدا زۆرانمان لاریمان نەبوو لەوەی کرێکارێکی ئێزدیدی کە لە دووری سەدان کیلۆمەترەوە لە بەهزان لەبەر هەژاری و نەداری کرێکاری ئەکات بچین هەر هیچ نەبێت سەری بشکێنین؟! ئێمە لەلایەکەوە تف لە دینێك ئەکەین کە کچێکی خۆی ئەکوژێت لە لایەکی دیکەشەوە بە توندییەوە دەست بە دینێکی دیکەوە ئەگرین بۆ ئەوەی بچین خوێنی ئێزیدییەکان بڕێژین؟!!

ئێمە ڕقمان لە ئێزیدایەتی بۆوە کە کچێکی خۆی بە ناوی دینەوە کوشت.. بەلاَم تا ئێستا ڕقمان لە ئیسلام نەبۆتەوە کە ڕۆژانە کچێك بەناوی خۆیەوە ئەکوژێت؟؟!!

باشه ئەو سیحرە چیە ئیسلام لای ئێمە ئەوەندە شیرین ئەکات و ئێزیدییەتمان لا ناشیرین ئەکات؟ ئەو سیحرەش چیە تا ئێستا ئیزیدییەکان ناتوانن خۆیان لە بەندێکی دینەکەیان رزگار بکەن و بتوانن ئەو تەوقە بشکێنن کە کەسیان بۆی نەبێت بچێتە ناو دینێکی دیکەوە؟

بۆچی لەولاَتانەی کە زۆر لێمانەوە دوور نین وەك سوریا و لوبنان لەویٚ بنەماڵەی ئێزیدی و ئیسلام زۆر بە ئاسایی کچانیان ئەدەن بە کوڕانی یەکدی و خێزان پێکەوە دروست ئەکەن؟ کەچی لە لای خۆماندا لە ژێر دەسەلاَتێکی کوردی و بەناو عەلمانی ناتوانین خەڵکانمان بگەیەنینە ئەم ئاستەی سەوداکردنی ئەندامانی نەتەوەکەمان لەگەڵ یەکدی؟

پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەگەر ئێمە لە ژێرسایەی ئەو کەلتوور و ئەقڵییەتە دینییەی خۆمانەوە تەماشای یەکدی بکەین چۆن بتوانین وێنەی مرۆڤێکی مرۆڤدۆست و نەتەوەدۆست و ژیاندۆست بە خۆمان ببەخشین؟؟ بە شێوەیەك ئاوەها ئاڵۆز و شێواو نەبین کە کە نەتوانین ویچنەیەکی روونی خۆمان تەماشا کەین؟

چۆن بتوانین وەك کورد ئاوا تەماشای خۆمان بکەین کە خەڵکانێك بین بە جیاوازی دینەکانەوە یەکتریمان قەبوڵ بێت و یەکدیمان خۆشبوێت و باوەڕی و متمانەی جوانکردنی یەکدیمان بە یەکترییەوە هەبێت؟؟ بۆچی ئێزیدییەك من بە موسڵمانییەوە قەبوڵ نەکات و منی موسڵمانیش ئێزیدییەك قەبوڵ نەکەم؟ بۆ ئەبێت من کە بڕیاربدەم ببمە موسڵمان بە نەفرەت بکرێم و بەردباران بکرێم و ئەگەر منی موسڵمانیش ببمە ئێزیدی یەکسەر بکوژرێم؟

پێموایە سیاسەتی پارتەکانیش لەکوردستاندا زۆر هەڵەن لەو بابەتەدا کە تا ئێستا نەیانتوانیوە تەوقی ئەو دینانە بشکێنن و لەو کێشانەدا رۆڵی ئیجابییان هەبێت، جاران گەر کچە مەسیحییەك ببایەتە موسڵمان کێشەی کوشتن و خوێن رشتنی بەدواوە نەبوو، دوای راپەڕین چەندین کێشە لەسەر بە موسڵمانبوونی کچە مەسیحییەکان دروست بوون، کوشتن و خۆکوشتن و ماڵوێرانی، لەمەشدا پارتە کوردییەکان رۆڵی سلبییان هەبوو بەوەی وەك یاسایەکی زارەکی ئەم کارەیان قەدەغەکردوو و تا ئێستاش دەسەلاَت ناخوازێت هیچ کوڕێکی موسڵمان کچە مەسیحییەك بکاتە هاوسەری.

ئێستا دوای ئەو هەموو کوشتن و کارەساتانە، دوای ئەو هەموو ناشیرینی و ئابڕووچوونانە، دوای ئەوەی خەریکە هەوەستمان بە حکومەت و پەرلەمان و دەسەلاَتی خۆمانەوە نامینیٚ.خەریکە وێنەیەکی مرۆڤایەتی بۆخۆمان نابینینەوە، پێویست ئەکات هەوڵی ئەوە بدەین و بزانین کە دین و دەسەلاَتی سیاسی چەند تاوانبار و بەشدارن لە خەڵقکردنی ئەم وێنە شێواوە بۆ ئێمەی کورد؟

پێویست ئەکات دەسەلاَتی کوردی لە لایەك و ئەنجومەنی روحانی ئێزیدییەکان و دەسەلاَتی مەسیحییەکانیش کە خۆی لە چەند لایەکەوە ئەبینێتەوە، پێویست ئەکات هەر هەموویان پێداچوونەوەیەکی جدی لە بیر و بۆچوون و سیاسەتەکانییان بکەنەوە، ئێمە کە باوەڕمان بە پێکەوە ژیانی ئاشتی و تەبایی نێوان پێکهاتەکانی کوردستان بێت، بەرئاقل نیە ریٚ لەخۆشەویستی کچ و کوڕانی ناو ئەم پێکهاتانە بگرین؟! ممکن نیە ئێمە داوای ماف و ریٚزی کەمایەتییەکان بکەین و قانونی تایبەتییان بۆ دەرخەین لەو لاشەوە رازی نەبین کوڕانمان یان کچنمان دڵیان بچێتە کوڕ و کچانی ئەوان؟!!

ئەگەر جاران کۆمەڵگەی ئێزیدی زیاتر لەناو یەکتری و لەگەڵ یەکتری ئەژیان و سەوداییان لە گەڵ یەك بوو، بەلاَم ئێستا زۆر لە گەنجانی ئێزیدی بە کوڕو کچەوە لە زانکۆکانی کوردستاندا لەگەڵ گەنجانی موسڵمان و مەسیحی خوێندن و پەیوەندی و هاوڕێیەتی ئەکەن، زۆر ئاساییە لە ئەنجامی ئەو پەیوەندی و تێکەلاَوبوونانەدا پەیوەندی خۆشەویستی لە نێو گەنجەکان دروست ببێت، هەروەك چۆن پێش ماوەیەکی زۆر کەم گەنجێکی ئێزیدی خوێندکاری زانکۆی دهۆك خۆی کوشت چونکە حەزی لە کچێکی موسڵمان ئەکرد و هیچ ئاسۆیەکی بۆ بەیەکگەیشتن نەدۆزییەوە، ناچار ژیانی خۆی گۆڕییەوە بە جوانە مەرگی.

ئیدی هەموو ئەو شت و رووداوانە داوامان لێئەکەن کە پێویستە زۆر بە جدی بە قانون و عورف و داب و نەریتەکانماندا بچینەوە و هەوڵ دەین ئەو دروشمانەی حکومەت و دەسەڵاتی کوردی و کەمایەتییەکان لە کوردستان بەرزی ئەکەنەوە تەنیا دروشمی درۆزنانە نەبن و بە کردار کاریان بۆ بکرێت، با برایەتی من و مەسیحییەك تەنیا دروشمێك نەبێت، کە ئەگەر حەزم لە خوشکەکەی کرد بێمە کوشتن و ئەویش بە کارێکی ناشیاوی بزانێت و حکومەتیش خەمم بۆ نەخوات بەناوی ئەوەی مافی کەمایەتییەکان ئەپارێزێت. یان ئەگەر ئێزیدییەك کچەکەی کوشت حکومەت بێدەنگ نەبێت بەو بیانووەی ئەوان مەرجەع و تایبەتمەندی خۆیان هەیە و بە کچی هەموومان نەزانرێت. پێویستە زۆر قوڵتر و جوانتر تەماشای خۆمان بکەین. لەسەرووی هەمووشیانەوە دەسەڵاتەدارەکانی سیاسی و دینی پێویستە دەست هەڵگرن لەو سیاسەتە هەڵانەی کە تا ئێستاش تەنیا کوشتن و خوێنرێشتنیان بەرهەم هێناوە، ئەگەر لە رەگەوە گۆڕانکاری نەکرێت ئەوا یان دەبێت ببینە قوربانی لەو جەنگەلەدا یان ئەوەتا دەبێ هەڵبێین و بەرەو نادیار راکەین. کە هەردووکیشیان دیسان وێنەیەکی شایستە و جوانی مرۆڤایەتی نین.